# دیاردەیەکی باو
# ترسێك بۆ ئافرەتانی شوفێر



گوڵاڵە ساڵح

بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری بۆ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا ئەرکی هەموو لایەکەو بەتایبەت لایەنە پەیوەندیدارەکانو راگەیاندنی حکومیو حزبیو هەر هەموو ئەوانەی لەم بوارانەدا کاردەکەن، لێرە گەلێ دیاردە هەن پێویستیان بە هەڵوەستە لەسەرکردنو بەدواداچوون هەیە، وبەتایبەت ئەوانەی ئاساییןو، بەڵام بەدیاردەیەکی نامۆو دەگمەن دێنە بەرچاوان، شوفێری ئافرەت یەکێکە لەمانەو کە دەمەوێ لێرەدا چەند قسەیەکی لەبارەوە بکەم، چەند ساڵێکەو بەهۆی باشتر بوونی باری ئابووری توێژێکی کەم لەئافرەتان کە هەندێ جار بەمووچەو داهاتی خۆیان دەتوانن ئۆتۆمبێل بکڕنو خۆیان کاروباری رۆژانەی خۆیان بەڕێوە ببەنو هاتووچۆ بکەن. زۆر بەزەقی لەناو شەقامەکانی شارەکان بەدی دەکرێنو، بەڵام لەلایەن لاوو هەندێ شوفێری ئاست نزمەوە دەدرێنە بەر توانجو زۆر جاران هەراسان دەکرێنو باری دەرونی ئەم ئافرەتە شوفێرانە بەجۆرێك دەشێوێنن کە دووچاری کارەساتو پێکدادانیان دەکەن، ئەمە دیاردەیەکە رۆژانە دووبارە بوونەوەی هەیەو ئەگەر تەنها لەترافیك لایتەکان سەرنج بدەی ئەو ئافرەتانەی بەئۆتۆمبێلەکانیانەوە وەستاون، چۆن لەهەر چوار لاوە دەوردەدرێنو سەرنجی بێ مانایان لێدەدەنو دواتر پێشیان دەکەونەوەو هەراسانیان دەکەن، ئەوانەی من لێرەدا وەکو دیاردەیەکی ناشیرین دەیانخەمە روو بەسەر خۆم هاتووەو لەئەنجامدا نەمتوانیوە بەئاسانی بۆ ئەو شوێنە برۆم کە مەبەستو جێی کارەکەمە، بۆیە پێشنیار دەکەم لایەنی پەیوەندیدار هەڵمەتێکی بەرفراوانی خستنەرووی ئەم دیاردەیە لەکەناڵەکان بخاتە روو تا شوفێرو خەڵکی ئاسایش هۆشدار بکرێنەوە لەم رەفتارە ناشیرنانەو تێیان بگەیەنرێ کە لەهەموو دنیادا شوفێری ئافرەت هەنو ئافرەتیش وەکو پیاو دەتوانێ هەر هەموو ئەو کارانە بکات کە پیاو دەیکاتو هەراسان کردنی ئەوان جگە لە بێ ئاستیو کەم رۆشنبیری هیچ مانایەکی دی نییەو با زۆر باشیش ئەوە بزانن، کە ئافرەتانی شوفێر لەکاتی بینینی ئەم جۆرە دیاردانە وەکو نەفام و خەڵکی ناکامڵ ئەو شوفێرانە دەبینن کە هەراسانیان دەکەنو بەئاست نزمو خەڵکی خەتابار دێنە هەژماردن.

چونکە زۆر جاران لەوکاتەی ئافرەتە شوفێرەکان هەراسان دەکرێنو هۆڕنی بێ مانـاو پاش و پێش بەئۆتۆمبێلەکانیان دەکەن کارەساتی بەدوادا هاتووە، جگە لەوەی ئۆتۆمبێلەکان تێکدەشکێنو سەروەتێکی نیشتمانی لەدەست دەچێت، هەندێ جار گیانی هەردوو لاش کەوتۆتە مەترسییەوەو کارەساتی بەدوادا هاتووە، کە سەرجەمی ئەم رووداوانەش بەهۆی ئاست نزمیو رۆشنبیری ئەو شوفێرە هەرزەکارو لەخۆ دەرچوانە بووە کە ئێمەی ئافرەتیان هەراسان کردووە. بۆیە دەکرێ بۆ ئەوانەو پیاوانی تریش روون بکرێتەوە کە مادام ئێمەی ئافرەت لەهەوڵداین بۆ ئاسانکردنی باری ئابووریو ژیانی پیاوەکانمانو بەنیوەی کۆمەڵگا ئەژمار کراوین، پێویستە ئەوانیش جیاوازی لەم نێوەندەدا نەکەنو بوونی شوفێری ئافرەت بەدیاردەیەکی شاز نەبینن. چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سی ساڵێك لەمەوبەر ئافرەتانی رۆشنبیر زۆر کەم بوون، یان فەرمانبەری ئافرەتو پەرلەمانتارو ئەوانەی لەبواری ئازادیدا کاریان دەکرد لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەگمەن بوون، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنە یەك بەدوای یەکەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەتیش بواری راگەیاندن ئافرەتان هەڵڕژانە فەرمانگەو شوێنە دیارو هەستیارەکانەوەو ئێستا ئەم جۆرە ئافرەتانە بەدیاردەیەکی ئاسایی سەیر دەکرێنو کۆمەڵگا لەم راستیانە گەیشت کە ئافرەت دەتوانێ وەکو پیاو کاربکات، دیاردەی شوفێریش مەبەستم شوفێری ئافرەتە بەشێك لەم قۆناغەی بڕیوەو دەخوازێ هەرچی زووە بێتە ناو هەموو ئەو کەلێنانەی کە کەلتورە باوەکانی کۆمەڵگا لێی قەدەغە کردبوو، بۆیە بەشێك لەئاسایکردنەوەو رۆشنبیرکردنی بەشەکەی دی، مەبەستم لە شوفێرە هەرزەکارو ئاست نزمەکانە دەکەوێتە سەرشانی بواری راگەیاندنو لایەنی پەیوەندیدار، تاوەکو وەکو دیاردەیەکی ئاسایی بە کۆمەڵگای بناسێنێو چیدی هەراسان نەکرێن، ئێستا ئەوەندەی ئافرەتانی شوفێر ترسی لەشوفێرەکانی دەوروبەری هەیە، هێندە لەیاسای هاتووچۆ ناترسێ، چونکە بەڕاستی ئافرەتەکان یاساکانی هاتووچۆ پەیڕەو دەکەنو زۆر بەدڵسۆزیشەوە دەیانەوێ فێری ئەم هونەرە بن کە زۆر پێویستە، ماوەتەوە بڵێم ئێمەی نیوە دەماونەوێ ئەرکی نیوەکەی دی سوکتر کەینو هاوکاریان بین، چونکە ژیان پێویستی بەهەموومانە.

# دەڵاڵو... بازرگانی کردن بەئەندامی لەشی منداڵ
# لە (٢٠) ساڵی رابردوودا زیاتر لەیەك ملیۆن منداڵ رفێنراو و کوژراون

و. سەلام عومەر

لەشارۆچکەیەکی هەژارنشینی هندستان نزیکەی (٢٤) منداڵ لەبەرچاوان بزرکران، ئەم رووداوە کە لە (نیتهاری) هیندی لەنزیك شاری نوێدای هاوچەرخی رۆخی پایتەخت رویداو سەرجەم منداڵەکانیش ئەندامانی لەشیان فرۆشرا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو چاودێرەکانی نیگەران کردو بەدواداچوونیان بۆ کردن، چونکە نەك هەر لەم وڵاتە، بەڵکو لەتەواوی جیهاندا ساڵانە بەهەزاران منداڵ کەلو پارچە دەکرێنو ئەندامانی لەشیان دەفرۆشرێ.

ئێستا داواکاریەکی زۆر بۆ ئەندامانی لەش هەیە، بەتایبەت دڵو چاوو گورچیلەی منداڵان، بەپێی راپۆرتێك لە ٢٠ ساڵی رابردوودا زیاتر لەیەك ملیۆن منداڵ لەرێگەی دەڵاڵە تایبەتیەکانەوە فرۆشراونو ئەندامانی لەشیان دەرهاتوون، گورچیلەو چاو نرخی ١٠ هەزار دۆلارەو دڵیش ٥٠ هەزار دۆلارو زیاتریش، بەپێی ئەم راپۆرتە داهاتی ساڵانەی ئەم دەڵاڵیە کۆی گشتی خۆی لە (٥) ترلیۆن دۆلار دەدات، بۆیە بازاڕی رەشی مامەڵەی ئەندامی لەشی منداڵ رۆژ بەرۆژ لەزیاد بوونەو کردەی رفاندنو کوشتنی منداڵیش هەر لەزیادبوونە.

قوربانی سەرەکی منداڵیش لە وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپای شەرقیو یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لەگەڵ ئەمریکای لاتینیو ئەفریقیا، ئەم بازرگانیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بوونی هەیە.

بازرگان لەرێگەی دەرفەتی کارکردن بەمنداڵانو پارەی زیاد بە باوانیانو شوێنەکانی تایبەت بەبێ دایكو باوکان کە دەیانخەنە سەر ناوی خۆیانو دواتر پارچەپارچەیان دەکەنو ئەندامانی لەشیان دەفرۆشن، یان هەر بە زیندوویی دەیدەنە دەست ئەو پزیشکانەی ئەم کارانە دەکەن، هەر دەڵاڵێك کە کاری دۆزینەوەی منداڵی لەم جۆرەیە ٢٠ تا ٥٠ هەزار دۆلار وەردەگرێ. زۆرجارانیش لەناوچە هەژارنشینەکاندا دەگەڕێنو بەخواستی دایكو باوکیان یەك لەئەندامێکی منداڵەکەیان لێ دەکڕنو لەوێش هەر دەڵاڵێك ٥٠٠ دۆلار وەردەگرێت، ئەوە تەنها کاری پیشاندانی فرۆشیارەکەیە.

بەپێی گوتەی د.سام فاکنین بەڕێوەبەری ئابووری لەئاژانسی (یونایتد برس انترناشنال) نرخی گورچیلەیەك لەتورکیا (٥) هەزار دۆلارە، بەڵام گورچیلەی عێراقیو هیندی (١٠٠٠) دۆلارەو ئەم جیاوازیەش چاودێران و بەرپرسانی ناچاری نوسینەوەی یاسا کرد دژی فرۆشتنی ئەندامانی لەش ، بەپێی دوا راپۆرت ژنو مێردێکی ئیتاڵی خانەنشین منداڵێکی تەمەن (٥) ساڵی ئەلبانیان بە (٥) هەزار دۆلار



فرۆشتووە و دوای ئاشکرابوونیان دەستگیر کراون.

لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٠ هەواڵێکی تۆقێنەر لەرووسیا بڵاوبۆوە، ئەویش پیرێژنێك نەوەیەکی خۆی کە ناوی (ئەندریە) دەبێت بەهاوکاری مامی منداڵەکە بە (٩٠) هەزار دۆلار دەفرۆشێو کڕیارەکەش هەردوو گورچیلەو ئەندامەکانی تری (ئەندریە) بەنرخێکی خەیاڵی دەفرۆشێ.

لەساڵی ٢٠٠١ دا لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی هۆڵەندا هەزاران ئەندامی لەشی منداڵان ئاشکرا دەبێتو کە هەر هەمووی ئامادەکراون بۆ فرۆشتنو لەمنداڵی زیندوو دەرکراونو لەشوێنی تایبەتیش دانراون.

(دیك فان فلزین) پسپۆڕ لە زانستی نەخۆشیەکان کە لەنەخۆشخانەی (ئەلدرهای) کار دەکات دانی بەوە دانا کە سەدان هەزار ئەندامی لەشی منداڵانی لەماوەی چەند ساڵدا گواستۆ تەوە نەخۆشخانەی وڵاتان بۆ پشکنینو دواتر فرۆشتنیان، ناوبراو لەچاوپێکەوتنێکی ئاژانسی (بی. بی. سی)دا گوتی: هەموو ئەندامەکان هی لەشی منداڵی ساغ بوونو داومەتە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی دەرمانو لەبەرامبەردا پارەیەکی زۆرم وەرگرتووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە.

لەراپۆرتێکی پزیشکی بەریتانیشدا هاتووە، کە زیاتر لە ٢٠ هەزار دڵی منداڵانو مێشكو چاوی ١٥ هەزار منداڵ ئێستا لەبازاڕی رەشدانو دەڵاڵەکان مامەڵەی پێوە دەکەن. لەوەش ترسناکتر ئەوەیە کە سەری بێچاوی منداڵو لاشەی هەلاهەلابوویان رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێو دەدۆزرێنەوە.

پرۆفیسۆر (فان فلزین) کە لەنەخۆشخانەیەکی کەنەدا دەرکرا هەمان تۆمەتی خرایە پاڵ، لەساڵی ٢٠٠٤ یشدا پزیشکە ئیسرائیلەکان ئاشکرایان کرد کە هەزاران ئەندامی لەشی منداڵی فەلەستینیان دەستگیرکردووە، کە لەبازاڕەکان مامەڵەیان پێکراوە.

هەموو ئەم کردە نامرۆڤانەیە لەئەنجامی پێشکەوتنی چاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە هاتە کایەوە بەتایبەت کە لەم بوارەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەتایبەتیش ئامێری پێشکەوتوو دروست کراوە بۆ گواستنەوەی ئەندامانی لەشی منداڵ بەلێکراوەیی بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەر دابێ، ئێستا ئەندامانی لەشی مرۆڤ سەرچاوەیەکی گرنگی ناردنە دەرەوەیە لە وڵاتاندا، نرخی خوێنو خانەکانو هێلکەو جیناتەکانیش بەرزبونەتەوەو بازرگانیان پێ دەکرێت.

(نانیس شبیر- هیوز) مامۆستای ئەنثرو بولوجی لەزانکۆی بیرکلی کە یەکێکە لەدامەزرێنەری رێکخراوی ( ئورگان وتش) توێژینەوەیەکی فراوانی لەسەر فرۆشتنی ئەندامانی لەش کردو بۆی دەرکەوت کە لەزۆربەی وڵاتانی ئەرجەنتینو بەڕازیلو کوباو ئیسرائیل و تورکیاو باشووری ئەفریقیاو وڵاتەیەکگرتووەکانو سعودیەو تەواوی ئاسیا بازرگانی لەم جۆرە دەکرێ، لەهەندێ لەم وڵاتانەدا ئەندامانی لەشی ئەوانەی لەسێدارە دەدرێنو یان خۆیان دەمرن دەفرۆشرێن بەبێ ئەوەی پرس بەکەسو کاریان بکرێت.

(ورگان وتش) هەندێ لەم دیاردانەی ئاشکرا کردووە وەك ئەو چوار سەربازە ئەمریکییەی لەساڵی ١٩٩٦ دا زیاتر لەئەندامانی ١٠٠٠لاشەیان فرۆشتووە بۆ هەر لاشەیەکیش ١٠٠٠ دۆلاریان داوەتە ئەو لایەنەی بەرپرسن لەناشتنی لاشەکان تا ئاشکرای نەکەن. کۆی ئەو پاریەش دەستیان کەوتووە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار دۆلارە.

تا ئێستاش هەر لەسەر ئەم رەفتارانە چەندین دکتۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بڕوانامەو ئامێرەکانیان لێ سەنراوەتەوەو هەندێکیان بۆ هەمووو ژیانیان لەم کارانە دورخراونەتەوەو هەندێکیشیان بەدەیان ساڵ زیندانی کراون.

لەساڵی ٢٠٠٢ دا دادوەرێکی ئەمریکی دەستگیر کرا کە دواتر دانی بەوەدانا کە لەماوەی ٣ مانگدا سێ هەزار منداڵی گواستۆتەوە ئەمریکا بەمەبەستی فرۆشتنی ئەندامانی لەشی ئەم منداڵانەو هەر هەمووشیان گەیشتونەتە شوێنی تایبەتو ئەندامەکانیان لێ دەرهاتوونو کوژراون.

لەناوچەی (تیبلانوو تومبیلیاس)ی ئەمریکای باشور دیاردەی بزربوونی منداڵ سەری هەڵداو دواتر بۆ خۆیان دەگەڕانەوە بەیەك گورچیلەو ئاشکرابو کە لەسەر سنوورەکان نەخۆشخانەیەکی تایبەت هەیەو منداڵەکان لەلایەن دەڵاڵەوە دەفڕێندرێنە ئەوێ، لەهەمان ناوچەدا پۆلیس توانی باندێکی رفێنەری منداڵ دەستگیر بکاتو، کە دواتر دانیان نا بەوەی کە هەر منداڵێکیان بە (٧٠) هەزار دۆلار فرۆشتووە بەو کەسانەی منداڵەکانی خۆیان نەخۆشنو پێویستیان بەیەکێك لەئەندامی ساغی منداڵان هەیە. هەموو ئەو منداڵانەشیان بە وڵاتەیەکگرتوەکانو ئیسرائیل فرۆشتووە.

نوێترین دیاردەش کە ئاشکرا بووە، فرۆشتنی منداڵانە بەو کەسانەی گوایە منداڵیان نابێتو بەنرخێکی کەم لەخانەوادەکەیان دەکڕن، بەڵام دواتر بەنرخێکی زۆر دەفرۆشرێو ئەم دیاردەیەش لەبەڕزایلو ئیتاڵیا ئاشکرا کرا.

لەئیتاڵیاش لەساڵی ١٩٩٩ ئاشکرابوو کە لەماوەی ٤ ساڵدا زیاتر لە ٤ هەزار منداڵ لەبەڕازیلەوە گەیەنراونەتە ئیتاڵیا بۆ لێکردنەوەی ئەندامانی لەشیان، توانرا جێگەی ١٠٠٠ لەم منداڵانە بدۆزرێتەوەو، بەڵام ٣ هەزارەکەی دی بزرکران. بەپێی راپۆرتێکی (لوس ئەنجلس تایمز) ئاشکرای کردووە، کە سەدان نەخۆشخانەی تایبەت دروست بوون بۆ چاندنی ئەندامانی لەشی مرۆڤو، زۆربەشیان بەپارەیەکی خەیاڵی ئەم کارانە دەکەنو ئەندامەکانیش ئەوانەی دەیانچێنن هی منداڵی رفێنراون کە دەڵاڵەکان دەیانهێننو پێیان دەفرۆشن، لە هەندێ لەم نەخۆشخانانەدا رێکلامیان بۆ دەکرێتو، لەژێر پەردەی هەندێ خۆبەخش کە ئەندامانی خۆیان دوای مردنیان دەیدەنە کەسانی نەخۆش، هەزاران منداڵ پارچە پارچە دەکرێنو لەباوەشی دایكو باوکیان دەریاندەهێنن.

بۆیە جگە لەئەفغانستانو پاکستانو مەکسیکۆ هەندێ وڵاتی دی نەبێت چاودێری تایبەت بۆچاندنی ئەندامان دانراونو رۆژانە پشکنین لەم نەخۆشخانانە ئەنجام دەدرێت، تا دیاردەی فرۆشتنی ئەندامانی لەشی منداڵ کەم کەنەوە.




ئەوە هەست و لێکدانەوەی منداڵێکی تەمەن (١٤) ساڵیە بەرامبەر دیاردەیەك ١٦ ساڵە بەردەوامە